

باران

دڵشاد عەبدوڵڵا

# بۆ یادێک لە ڤیزبادن

ژوورێک ،

لە ئوتێلێکی کۆن .

بۆنێک لە سەدەی نۆزدەوە

بمتوانیبا وەسفی بکەم : تەختی شکۆمەندیی .

ژنێک دەرگا دەکاتەوە

دارچنارێک ، بە پەلکی پڕ ئاوی تەماشام دەکا

ئێوارەت باش پاولین ئەلیکسەندرۆڤنا

دیستۆیفسکی لە ماڵە ؟

بۆنی ئیمانێکی ماندوو

بۆنی یاخیبوونێکی کۆن ، بەمەچەکی قەڵەمێکەوە

بەدیار پەنجەرەوە

دەنووشتێمەوە چەند جارێک

بمتوانیبا وەسفی بکەم:  ئازاری ئەبەدیی .

پارچە ڕووناکییەک لە مشتمدایە

پارچە ڕووناکییەک لە دڵمدایە

شەرم دەکەم لە بۆنی کتێبێک

شەرم دەکەم لەو کورسیەی دیستۆیفسکی لەسەر دانیشتووە



پارچە ڕووناکی دەگووشم

مشتم شەقارشەقار دەبێ

دڵم شەقارشەقار دەبێ

بەو هەزاران پارچە ڕووناکییەی دەکەوێتە خوێنمەوە

نەشئەی بینین  ساف و بلوورین

هێما دەکا بۆ شوێنێک لەو دیوی ئێستا و داهاتوو

ئەو دیوی ژیانی ڕابردوو

کۆتایی نایێ هێما

لەبێدەنگیدا .

هەوایەکی  پاک پڕ هەناسەی مۆسیقا

پەروانەکانی دەلەرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی وزەیەک لە شکۆی خودا

نزامان بۆ بکە میر میشکین !

نزامان بۆ بکە،

لەبەر خاتری ئێوارە

لەبەر ڕەنگی سوور !

بۆنی ئێسقانی ئیمان دەکەم، بۆنی خەون

بۆنی جەنگی چارەنووس

بۆنی یاخیبوونێکی کۆن

بۆنی مەسیح بە دیار سێدارەی خۆیەوە !



کۆمەڵێک یاریکەر، چەند فیگەرێکی گوناح
چەند ئامێرێکی مۆسیقا، بێدەنگ
خوداوەند فریایان بکەوە .
گوێم لە دەنگی پێیەتی لەناو هەوای پاک
لە پەنجەرەوە ڕووەو دوور
بە ڕەنگی خورمایی
بە دەنگی دەریایی
بە ئاهەنگی ترۆبادۆر
گوێت لێیە دڵشاد ؟

یادێکی کۆن لە مەنفاوە
کتێبێکی بێکۆتا
بە پرتاو ڕاپەڕی
هاوسەری ئەبەدی !

خۆش بەحاڵی ڤیزبادن
بە بیری دێتەوە ڕۆژێک، وێنەیەکی گرتووە
بە تەنیشت فوارەیەکی هەڵمینیەوە
شانازیی لەوە زیاتر .
باڵندەیەکی گەورەی هەورین بەسەر سەرییەوە

شیعر

پێویست بە سەرنج ناکا

گومانی تێدا نییە،

ئەو قەیسەرە بە ساڵاچووە خۆیەتی

ئەو باڵندە گەورەیەش دیستۆیفسکی

٢٠١٥/٥/٢٩ ڤیزبادن

- ڤیزبادن شارێکە لەناوەڕاستی ئەڵمانیا بەسەر ڕووباری ڕاینەوە





## دڵشاد عەبدوڵڵ

-دڵشاد عەبدوڵلا شاعیرو نوسەر
ساڵی 1956 لە شاری هەولێر لە دایکبووە.
-لە ساڵی 1980ەوە دەستی داوەتە نوسین.
-تا ئێستا زیاتر لە 15 کتێبی شیعری بلاوکردۆتەوەو لە بواری
رۆژنامەگەریشدا چەند بەرهەمێکی بەچاپگەیاندووە.
- سێ بەرهەمی شیعری وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی.
-دڵشاد عەبدوڵلا سەرنوسەری گۆڤاری ئەدەبی (ئاینده) و گۆڤاری
(شیعرستان) بووە، کە لەلایەن (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)ەوە
دەردەچوو.